


# پۆل ئەستێر: لێرە دانیشتووم و دەنووسم.. نازانم کەسێك هەیە پازدە جار ئەم ڕۆمانەم دەخوێنێتەوە

**بۆ فارسی: شهرزاد لۆلاچی**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

نازانم ئەم تێکستەت چۆن دەستکەوتووە، ڕەنگە زۆر بە ڕێکەوت لە دالآنەکانی (گرافیک لابیرنت ستلیمن) دەستت خستبێت، ڕەنگە لە فەهرەستی سەرچاوەکاندا، ئەم مەتنەت خوێندبێتەوە، یا کەسێکی تر بۆی ناردووی. بەهەرحاڵ، ئەم مەتنە دیدارێکی بڵاونەکراوەیە، کە بۆ ئامادەکردنی نامەی زانکۆکەم لە بارەی (سیانەی نیۆیۆرک)ەوە لەگەڵ (پۆڵ ئەستێر) ئەنجامم داوە. ئەو کەمێک هەستیاربوو لە بارەی بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارەوە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، هەربۆیە ئەگەر خەڵکێکی زۆر ئاگایان لەم دیدارە بێت، ڕەنگە ناچاربم لەسەر تۆڕی نێت بیسڕمەوە. جگە لەم حاڵەتە، ئومێدەوارم خوێندنەوەی ئەم دیدارە سوودێکی هەبێت بۆتان.

س.پ ٢١ فێربریوەری ١٩٩٣

## بڵێی لە سەدەی هەژدەوە تا نهۆ ماشێنی لۆژیکمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا بەڕێخستووە، کە ئەمە بۆ خۆی چیرۆکی تایبەت دروست دەکات

پۆڵ ئەستێر تیشێرتێکی سوور و پانتۆڵێکی کاوبۆی رەشی لەپێدابوو، لە پێش دەرگای شووقە چکۆلەکەی لە نیۆیۆرک سیتی تەوقەی لەگەڵدا کردم و هەواڵپرسیی کرد. رەفتارێکی ئارام و خۆمانەیی هەبوو، ئەسڵەن لەو رۆشنبیرە عەبووسانە نەبوو، کە لە پشت کتێبەکەیانەوە سەیرێک دەکەن و بایەخ بە مرۆڤ نادەن. ئەو زۆر گەنجتر، سەرحاڵتر و چاپووکتر لە وێنەکەی دەردەکەوێت و چاوەکانیشی بەقووڵدا نەچووبوون.

شووقەکە زۆر سادە بوو: مێزێکی نووسین، چەند رەفەیەکی ئاسنی کتێب، بۆکسێکی ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەو کوانووە کۆنێک. لەگەڵ ئەوەی دەمەو نیوەڕۆ بوو، پەردەکان دادرابوونەوەو گڵۆپێکی بنمیچی داگیرسابوو. دووکەڵی جگەرە کەمێڵەکەی ئەو، کە هەمیشە بە لێویەوەیەتی کەشی ژوورەکەی پڕکردبوو. کوپێک چای پێشکەشکردم و دانیشتین تا قسەکانمان دەست پێ بکەین (بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە چەند خولەکی سەرەتا تۆمار نەبووە.)

***لە روانگەی منەوە سیانەی نیۆیۆرک تا رادەیەک هاوشێوەی رۆمانی (ئاگری رەنگ دۆڕاو)ی (ڤلادمێر ناباکۆف)ە، چونکە وەک بڵێی لە هەردوو رۆمانەکەدا بیری رەخنەگران خراوتەوە، کە لێکدانەوەی ئەوان بۆ رۆمانەکە بێگومان لە لێکدانەوەی خوێنەرێکی ئاسایی جێ متمانەتر نییە. ناباکۆف لە رۆمانەکەیدا بە ئاشکرا گاڵتە بە رەخنەگران دەکات، لە کاتێکدا تۆ بە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز کە هەوڵی لێکدەرەوەیەک پیشان دەدات، دەستت بۆ ئەم بابەتە بردووە. لە راستیدا، لە دیدارێکدا کە لەگەڵ (لۆری مک گارفیی) لە رۆژنامەی (می سیسی پی ریڤریۆ) کردووتە، بە جۆرێکی تر ئاماژەت بۆ ئەوە کردووە کە وتم. لە ئاماژە بە رەخنەگرانێک کە بە بۆچوونیان رووداوی رۆمانەکانی تۆ پتر لە رادە لەسەر پایەی چانس و رێکەوتە، وتووتە: (بەبۆچوونی من ئەوان بێهودە ئەو هەموو کاتەیان لە خوێندنەوەی کتێبدا خەرجکردووە، لەبەرئەوەی بە جۆرێک گیرۆدەی بنەمای باوی رۆمانی واقعگەرایانە بوون، کە هەستیان لە واقعییەت لایداوە.)**

–تۆ لە قسەکەی من دەگەیت، وانییە؟ هەڵبەتە. چونکە واقعییەت داهێنراوی ئێمەیە. ئێمە بۆ بینینی دنیا نیسکەی جیاوازمان هەیە و هەر فەرهەنگێک شێوەی خۆی هەیە. دەتوانی بڵێی لە سەدەی هەژدەوە تا نهۆ ماشێنی لۆژیکمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا بەڕێخستووە، کە ئەمە بۆ خۆی چیرۆکی تایبەت دروست دەکات. بە وتەی باویش ئەم چیرۆکانەمان ناوناوە ریاڵی (واقعی) کە لە راستیدا وانییە، ئەوانە تەنها گوزارشتێکن لە واقعییەت. پێم وایە هەڵکڕانی من لە دنیا لەگەڵ هەڵکڕانی ئەوانی تر زۆر جیاوازە و لە ئەنجامدا ئەو رۆمانانەی کە من دەیاننووسم بۆ خەڵکانێک کە راهاتوون بە شێوەی ئاسایی گوزارشتکردن لە جیهان، دەبینرێ. ئەوەی جێگەی پێکەنینە ئەمەیە کە لە راستیدا من خۆم هێندەیش شەیدای ئەدەبیات نیم وەک شێوەیەکی هونەری، تەنها هەوڵ دەدەم دنیای راستەقینە بدۆزمەوە، دنیایەک کە تێیدام و گرنگ نییە ئەم بابەتە چەندە باشە یا شێت ئاسا یا هەوسار پچڕاو دەبینرێ.

***ئەم بابەتە هەمان شتێکە کە لە نامەکەمدا دەیپیشکنم، شتێک کە ناوم ناوە (سەرکوتکردنی کاری هونەری). هەوڵدەدەم پیشانی بدەم نووسینەکانی تۆ، بەتایبەت سیانەی نیۆیۆرک بە دروستکردنی ئەگەر بۆ کارەکتەرەکانتان کە بزانن کەسێتیی چیرۆکن لە بنەمای ئەدەبیات واوەتر دەچێت و بەم شێوەیە**

ئەوەی جێگەی پێکەنینە ئەمەیە کە لە راستیدا من خۆم هێندەیش شەیدای ئەدەبیات نیم وەک شێوەیەکی هونەری، تەنها هەوڵ دەدەم دنیای راستەقینە بدۆزمەوە، دنیایەک کە تێیدام و گرنگ نییە ئەم بابەتە چەندە باشە یا شێت ئاسا یا هەوسار پچڕاو دەبینرێ

**ئەوان دەکەونە سەر ئەو باوەڕەی تا لە کاریگەریی چیرۆکەکە هەڵبێن و بە جۆرێک واقعییەتی خۆیان خەڵق بکەن. لە راستیدا، وەک بڵێی جارجار بۆ خوێنەران چاوەڕوانی کۆتایی بەتاییەت و ناسراویش دروست دەکەیت، بەڵام لە دواپین ساتدا ئەگەری وەها کۆتاییەک بە تەواوی رەت دەکەیتەوە. بۆ نموونە لە مون «پالاس»دا هەمیشە لەم بیرەدا بووم ئەگەر ئەم رۆمانە نووسەرێکی ئاساییتر دەینووسی، فاگ تابلۆکانی ئەفینگی لە کۆتایی رۆمانەکەدا دەدۆزییەوە و ئەوانە دەبوونە هۆی بوونی پێکهاتەیەکی ئەدەبی، کە دەبووە هۆی پێگەینی ئەو.**


-بەڵێ، تێدەگەم.

***بەڵام تەواو ئەو ئەگەرەت لەناوبرد و ئەو تێگەیشت ئەو ئەشکەوتەی کە تابلۆکانی تێدایە ژێر ئاو کەوتووە. تۆ لێناگەڕێی ژیانی ئەو وەک ژیانی کەسێتییەکی چیرۆک بێت. ئەو دەبێت تێبگات کە ژیانی وەک ئەوەی لە زۆرێک کتێبەکاندا نووسراوە ئاکامێکی باش و ناسراوی نییە و ئەمەی کە دەبێت تێیڕامێنێ و لە ناوەوە بگۆڕێت.**

-راستە. بەم شێوەیە کۆتایی کتێبەکە دەستپێکی ژیانی ئەوە. شتێک روویداوە، تاڵی و سوێریی زۆر چەشتووەو ئامادەیە پێبگات.

***لە بارەی زۆرینەی بەشەکانی سیانەی نیۆیۆرکیش ئەم هەستەم هەبوو. بەتاییەت لە (ژووری دەرگا داخراو)دا، کە گێڕەرەوەی نەناسراو، وەک بڵێی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەو دروست دەکات. بەتاییەت لەو بەشەدا کە لە باڕێکە لە پاریس و دەست دەکات بە ناوبردنی شتانی جیاواز، ئەو کاری داهێنەرانەی ناونان لە ئەستۆ دەگرێت.**


-بەڵێ، بەڵام ئەو شێتیشە. تەواو ئاوەزی لەدەستداوە و بە جۆرێک داهێنەریشی. بە دەربڕینێکی تر ئەمە




بۆ خۆی شێتییەو ئیتر هیچ ئومێدێک بەو نییە. دەتوانم بڵێم زۆربەی رۆمانەکانی من کۆتاییەکی بنجبڕیان نییە. لە راستیدا، رۆمان بە دواین رستەی تەواو نابێت. وەک بڵێی بەم شێوەیە خوێنەر دەچێتە کەشێکی ترەوە. لە (شاری شووشەیی)دا کۆیین لە رۆمانەکەدا ون دەبێت. بەڵام لە رۆمانی (ژووری دەرگا داخراو)دا کۆتاییەکی دیاریکراو هەیە، زۆر پتر لە هەموو ئەو کتێبانەی دی کە نووسیوە. بەڵام دەزانی سیانەی نیۆیۆرک، (وڵاتی دواپینەکان) و (مون پالاس) هاوکات پێکەوە نووسراون. هەموو سەرچاوەیان لە یەکتری وەرگرتووە. ساڵانێکی زۆر

لەسەر رۆمانەکانی مون پالاس و وڵاتی دوایینەکان کارم کرد، ئەو دووەم بەر لە هەموو نووسینەکانم دەست پێکرد، هاو تەمەنی تۆ بووم، کوڕێکی لاو، بەڵام لە فکریان نەدەهاتمە دەرێ. ساڵانێکی زۆر لەسەر دەستنووسەکان کارم کرد. ئەو رۆمانانە بۆ من تەواو نەبووبوو، بەڵام ئیتر نەشم دەتوانی ئەوانە بنووسم. لە قۆناغی بەیناوبەیندا بووم. دواجار تەواوم کرد، بەڵام دووبارە لە سەرەتاوە هەردووکیانم دەست پێ کردەوە. دەستنووسی ئۆرژیناڵی مون پالاس زۆر ئەستوور بوو، سێ بەرامبەری رۆمانەکە لە ئێستادا. وردەکارییەکی زۆری تێدابوو، کە لە شاری شووشەییدا کەڵکم لێ وەرگرتوون. هەموو شتێک لە ناوی پاڵەوانەکە- ناوی سەرەکی فاک کۆیین بوو- تا هەموو ئەو بابەتە پەیوەست بە پلەو بورجی بابل، هەموو ئەوانە لە دەستنووسی سەرەتایی (مون پالاس)دا هەبوون. پێم وابوو، باشە، رۆمانەکە نەگەیشتووەتە جێگەیەک، کەواتە لە رۆمانێکی تردا کە سەرقاڵی نووسینیم لەم چەند خاڵە باشە کەڵک وەردەگرم. بەڵام ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی دووبارە خەریکی رۆمانی یەکەمم ببمەوە. بابەتەکە زۆر ئاڵۆزە.

***هەڵهێنجانم لە رۆمانی (ژووری دەرگا داخراو) ئەمە بوو کە گوایە گێڕەوە لەژێر کۆنترۆلی (فنشاو)دایەو ئەمەی کە وەک بڵێی دوای نووسینی ژیاننامەی هاوڕێکەی دوای زەمانێکی دیاریکراو تاڕادەیەک ئەو بووەتە نووسەری سەرەکی. دوای ئەوەی کە گێڕەرەوە دەستنووسەکە وەردەگرێت، وەک بڵێی فشناوە کە دەزانێ چی روودەدات. فنشاو لەم بارەیەوە ئاماژەگەلێکیش دەکات: ئەو دەیزانی کە گێڕەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکەی دەکات، کوڕەکەی بە منداڵی خۆی قبوڵ دەکات و دەستنووسەکە دەگەیەنێتە جێگەیەک. بەم شێوەیەش کاتێک فنشاو و گێڕەرەوە بۆ دوایین جار لە بۆستۆن یەکتریان بینی و گێڕەرەوە دەفتەرچەکەی فنشاویشی وەرگرت تا لە ناوی بەرێت، هەستم کرد گێڕەرەوە کۆنترۆلی کاروبارەکان لە فنشاو وەردەگرێت. ئەو، تا رادەیەک، تێدەگات کە خۆی، کەسێتی چیرۆکەکانی فنشاو بووە و دەکەوێتە سەر ئەو باوەڕەی دیسان کۆنترۆلی ژیانی بگێڕێتەوە. تۆ لەم رۆمانەدا بە تێروتەسەلی نووسیوتە چۆن ژیاننامەیش کارێکە وەک رۆمان، چونکە ژیاننامەنووس خۆ ناتوانێ**



**حەقیقەت بگوازێتەوە، کەس ناتوانێ هەموو پرسە سەرەکییەکانی ژیانی تاکێکی تر درک بکات. دوای ئەو دوایین هەفتەیە لە بۆستۆن تاڕادەیەک هەستەکەم کە لە راستیدا گێڕەرەوە دەگەڕێتەوەو ژیاننامە/ رۆمانی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە بارەی فنشاوەوە دەنووسێت تا ویستی دانەر لەو وەربگرێتەوە. ئەو گەڕاوەتەوەو ژیانی فنشاوی بە دەستەوە گرتووە کە لەم رۆمانەدا ئێستا ناوی ژووری دەرگا داخراوە.**

*بەڵێ، یا رەنگە گەڕاوەتەوەو سیانەکەی نووسیوە، هەموو کتێبەکان. بەڵام پێم وایە دواجار ئەو (گێڕەرەوە) تێدەگات کە هەرگیز ناگەڕێتەوە تا مەتەڵێک هەڵبێنێ، کە هیچ بەرسڤێک بۆ ناسنامەی ئەم (دووەیە)، ئەو کەسەی تر، بوونی نییەو پێموایە ئەم راستییە قبوڵ دەکات، کە دەتوانێ بە گومناویش بژی. هەربۆیە ئیتر نایەوێ لەژێر دەسەڵاتی ئەم کەسەدا بێت، رۆمانەکە دەدڕێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرک.

**-من تاڕادەیەکی زۆر ئەم پرسانە پەیوەست دەکەمەوە بە دەسەڵاتی نووسەر بەسەر کەسێتییەکانیدا. ئایا ئەو وتارەی (ئەلیسن راسل)ت لە بارەی پێکهاتە شکێنییەوە لە سیانەی نیۆیۆرکدا خوێندۆتەوە؟**

-هەر ئەوەی کە باسی درێدا دەکات؟ وتارەکەیان بۆ ناردم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی و دەبێت ئەوە بڵێم کە تەنها پەرچەکرداری من پێکەنین بوو. پێکەنیم و چەند پەڕەیەکی ترم خوێندەوە و زیاتر پێکەنیم و دواتر فڕێم دا و ئیتر سەیریشم نەکرد. چونکە لە راستیدا تا ئێستا تەنانەت یەک وشەیشم لە ژاک درێدا نەخوێندووەتەوە، ئەسڵەن هیچ لە نووسینەکانی نازانم. دەزانم کێیەو لە بارەی چییەوە دەنووسێ، بەڵام ئەسڵەن نووسینەکانی سەرنجیان ڕانەکێشاوم و لەبەر ئەوەیش کارەکانی من خواستێکی تەواو جیاوازیان هەیە، زۆر سەرم سووڕما. بەڵام زۆربەی جار رەخنە باڵاکان بەم جۆرەن. واتا پەیڕەوی لە شێوازی کەسێک دەکەن، کتێبی کەسێک دەگرن و بە زەڕەبین کنەی تێدا دەکەن تا بزانن چەندێک راستە. بەڵام ئەم (وتار)ە پتر لە بارەی درێداوەیە تا نووسینەکانی من.

***تا ئێستا رۆمانی (ئاگری رەنگ دۆڕاو)ی ناباکۆفت خوێندووەتەوە؟**

-بەڵێ ساڵانێک لەمەوبەر.

***ئەوەیش لەم بارەیەوە قسە دەکات، ئەمەی کە رەخنەگران شێوازی تاککەرایی خۆیان بەسەر کارێکی هونەریدا دەسەپێنن. هیچی ئیتالۆ کالڤینۆت خوێندووەتەوە؟ ئەو نووسەرێکی ئیتاڵییە.**

-بەڵێ، چەند رۆمانێکی، زۆر حەزم لێی نییە.

***سەیرە، چونکە بۆ خۆم لە رۆمانەکانی تۆدا بابەتی زۆر پەیوەستم بە گریمانەی پێکهاتە شکێنی و پشکنینی کالڤینۆ دۆزیوەتەوە لە بارەی سروشتی زمان و مانا. ئەم مەتنانەت بە تەنیشت یەکەوە یەکتری روونەدەکەنەوەو زوولاڵتری دەکەن.**

-رەنگە. لە روانگەی منەوە ئەو نووسەرێکە کە زیاد لە رادە کەڵک لە وەسفە بینراوەکان وەردەگرێت. تاقەتم ناهێڵێ.

***تۆ حەزت لە گێڕانەوەیە.**

-ئەوەی کە گێڕانەوە سەرسووڕهێنەرە، گومانی تێدا نییە. بابەتەکە ئەمەیە کە هەستیارییەکانی ئەو بۆ من سەرنجڕاکێش نین. ئەم بابەتە لە بارەی بۆرخسیشەوە راستە. ئەمەیش ناوێکە کە زۆرجار بیستوومە. زۆریشم حەز لەو نییە. نابۆکۆف لە بارەی بۆرخیسەوە شتێکی زۆر راستی وتووە: بە وتەی ئەو، خوێندنەوەی کارەکانی ئەو وەک نزیکبوونەوەیە لە خانوویەکی زۆر جوان. لە جوانییەکەی سەرت

# کەسانێك هەن کارەکانیانم خۆشدەوێ و پێیایدا هەڵدەڵێم، بەڵام نەك ئەوەندە کە زۆر گرنگ بن بۆم

دەسوورِمێ و دواتر دەرگاکەی دەکەیتەوەو تێدەگەیت کە تەنها لاپەڕەیەکە، شتێکی ناو بۆش، رووکارێک کە هیچی لە پشتەوە نییە. نامەوێ بڵێم شێتی ناباکۆفم. هەموو کارەکانی ئەوم خوێندووەتەوە، بیرم لێیان کردووەتەوەو لەگەڵ ئەودا زۆرانبازیی ئەدەبیم کردووە -هەموو ئەمانە پەیوەستە بە ساڵانێک لەمەوبەرەوە- دواجار تێگەیشتم رۆحییەتێکی وشک و زبری هەیە. زۆرباشە، بەڵێ. بەڵام کەچی؟ زۆرم حەز لە دلیلۆیە.

***منیش زۆرم حەز لێیەتی. پێم وایە کتێبەکانی ئەو ئەفسانەیەکی نوێ بۆ سەدەی بیستەم دروست دەکەن. کاتێک بە دوای یەکدا بیانخوێنییەوە هەست دەکەی لەسەر بنەمای ئەوەی پێشتر نووسیوێتی چیرۆکەکە دادەڕێژێ بێ وێنەیە. دوو کتێبی سەرەتای زۆر باش. نووسەری تریش پەسەند دەکەیت؟**

-باشە، کەسانێک هەن کارەکانیانم خۆشدەوێ و پێیایدا هەڵدەڵێم، بەڵام نەک ئەوەندە کە زۆر گرنگ بن بۆم. دەتوانم فەهرەستێکت بدەمێ بەڵام... نازانم. زۆربەی جار زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم. لەم دواییانەدا یەکەمین کتێبی بیکێتم پێگەیشت، ئەوەی کە لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا نووسیوێتی و تا ئێستایش چاپ نەکراوە: (خولیای ژنانی دەلاڵ لە مەزادخانە). تا ئێستا هیچ لە بارەیەوە نەبیستووە؟ زۆر جوانە. باش نییە، جوانە و هێند جوانە کە هەناسەی مرۆڤ توند دەکات. بەڵام جگە لەوە ماوەیەکی زۆرە هیچم لە بیکێت نەخوێندووەتەوە... نووسەرێک کە باندۆرێکی قووڵی لەسەر من دانا، سیلینە. هیچی سیلینت خوێندووەتەوە؟

***نا، بەڵام شتانێکی لە بارەوە دەزانم. دواجار شانۆنامەکانتان چاپ دەکەن؟ دەزانم چەند شانۆنامەیەکت هەیە.**

-بەڵێ، سێ، چوار شانۆنامەم هەیە و نازانم چی بکەم. لە دەیەی حەفتاوە تا ئێستا خەریکم کاریان لەسەر دەکەم. هەربۆیە نازانم. پێم وانییە زۆر باشبن.

***بەڵام هێشتا هەموو رۆمانەکانت قبوڵن، وانییە؟**

-بەڵێ، بەرەڤانی لە هەموویان دەکەم. گەر کارێک چاپ بکەم قبوڵمە.

***لە دیدارێکی تردا وتت بۆ لابردن و هەڵەگری و پێداچوونەوەی کارەکانت بەر لە رادەستکردنیان بۆ خانەی بڵاوکردنەوەکە، زۆر ڤیرسچمەی.**

-بەڵێ، بەڵێ... نازانم چۆن بڵێم، خۆ مرۆڤ ناتوانێ پشت لە مناڵەکەی بکات. بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وتارەی ئەلیسن راسل، وا دێتە بەرچاو کاتێک هەندێک رۆمانەکانی من دەخوێننەوە بە جۆرە یارییەکی رۆشنبیرانە گریمانەی دەکەن، بەڵام بابەتی زۆر سەیر ئەمەیە کە هەموو رۆمانەکانی من چاوگەیەکی تەواو سۆزدارییان هەیە، ئەسڵەن بۆ من پرسی رۆشنبیری مەترەح نییە. هەندێک جار سەرم دەسوورِمێ. پێم وایە بابەتەکە ئەمەیە کە سوود لە زمانێکی زۆر سادەو کورتبڕ وەردەگرم و ئەگەر ئەو خەڵکە ئامادەییەکی زمانی باشیان نەبێت لە روانگەیانەوە نووسینەکانی من وشک و مردوو دەردەکەون. وەک بڵێی بۆ هەندێک بەم شێوەیەیە. ئەوانەی کە دەتوانن هەست بە مۆزیکی نووسراو بکەن، حەزیان لە کتێب دەبێت و ئەزموونی جیاوازیان هەیە.

***لە دیدار لەگەڵ (مک گافری) و (گریگۆری)یش وتت: (مەتن شوێنێکە بۆ خەیاڵ و زیاتر نا.) پێم وایە بە کەڵکوەرگرتن لەو کارەکتەرانەی کە گوایە هەموو لە کۆتایی رۆمانەکەدا لە پێکهاتەی هونەری هەڵدێن، خوێنەران هان دەدەیت لە گوێن پێکهاتەیەک کە کۆمەڵگە، فەرهەنگ و زمان سەپاندوێتی وشیارتر بن و ئەوانیش بە وشیاریی تەواوەوە دەتوانن وەک کەسێتییەکان لە پێکهاتەی کاری هونەری هەڵبێن تا**

لەم دواییانەدا یەکەمین کتێبی بیکێتم پێگەیشت، ئەوەی کە لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا نووسیوێتی و تا ئێستایش چاپ نەکراوە: (خولیای ژنانی دەلاڵ لە مەزادخانە). تا ئێستا هیچ لە بارەیەوە نەبیستووە؟ زۆر جوانە. باش نییە، جوانە و هێند جوانە کە هەناسەی مرۆڤ توند دەکات. بەڵام جگە لەوە ماوەیەکی زۆرە هیچم لە بیکێت نەخوێندووەتەوە

# گفتوگۆ

**لانی کەم زاڵییەکی زیاتریان بەسەر ئەوە هەبێت (لە ئەنجامدا بەسەر چیرۆکی ژیانی خۆیاندا زاڵ بن.) بەم جۆرە مەتن، دەبێتە شوێنی خەڵقکردنی چیرۆکی خوێنەر، بە دەربڕینێکی تر رۆمانەکانتان خوێنەران هان دەدەن لەبری ئەوەی کە لە کاری هونەریدا (بەتایبەت لە روانگەیەکی باوەوە) نووسەران بەگیر بهێنن، چیرۆکی خۆیان بنووسن.**

-باشە، پێم وانییە بەم راشکاوییە خەڵکی هان بدەم رۆمانی خۆیان بنووسن، بەڵام بەڕاستی دەمەوێ ئەو کەسانەی کە رۆمانەکانی من دەخوێننەوە لەگەڵ مندا



پۆڵ ئەستێر

دزە بکەنە ناخەوە.

***وادێتە بەرچاو هەنگاوی دواتری ئەم پێشکەوتنەیش توانای خوێنەرانە بەرامبەر بە درکی داهێنەرانەی خۆیان، نەک تەنها لە شێوەی کتێب نووسیندا، بەڵکو شێوەدانی ئاگایانەی واقعییەتی تایبەتی خۆی لە رێگەی داهێنەری خۆییان. بۆ نموونە کاتێک رۆمانێک دەخوێنییەوە بە هێندەی نووسەر لە چێکردنیدا رۆڵت هەیە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی ئاگایان لەم بابەتە نییە.**

-رێک وایە. خوێنەی کتێب دەخوڵقێنێ. چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم بابەتەم لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانێکدا بە ئاشکرا بینی. پێم وایە رۆمانێکی (جین ئۆستن) م دەخوێندەوە -نووسەرێک کە زۆرم خۆشدەوێ و بە بۆچوونم ئەو یەکێک لە باشترینەکانە- هەروا کە دەمخوێندەوە هەستم کرد ئەسڵەن ئاگام لە شوێنی رووداوەکە نییە. هەموو دیمەن و قسەکانم وێنا دەکرد، وەک بڵێی هەموو بەشەکانی کتێبەکە لە ماڵێکدا روویدابوو کە تێیدا گەورە بووبووم، ماڵی باوکم. هەموو کەسێتییەکان لەوێوە هاتبوون. بەم جۆرە لە بارەیەوە بیرم کردەوە: باشە، سەیرە کە چۆن کتێبێک پەیوەست دەکەیت بە خۆتەوە، واتا مەگەر جین ئۆستن چی لە بارەی نیوجرسییەوە دەزانی؟ سەرباری ئەمەیش، ئیتر ئەو کتێبە کاری خودی من بوو، ئەم کەسێتییانە هاتبوونە ژیانمەوە. نەک ئەوەی گەڕابێتمەوە بۆ بەریتانیای سەدەی هەژدە، کۆلیتەکەی جین ئۆستنم لەگەڵ خۆم هێنابوو بۆ سەدەی بیستەم و بەم شێوەیە دوایی بیرم کردەوە: (باشە، کاتێک وەسفێک لە رۆمانێکدا دەخوێنییەوە، بەڕاستی چی دەبینی؟) پێم وایە هەندێک خەیاڵێکی بینینی زۆر باشیان هەیەو بەڕاستی ئەوەی نووسراوە دەیبینن، وەک

وێنەیەک. بۆ نموونە وەسفی جێگەیەک دەخوێنییەوە، کە هەرگیز لەوێ نەبوویت. کەسێتییەکان لەسەر شەقامەکانی تۆکیۆ یا کاتماندۆ دەڕۆن، چی دەبینی؟ وێنەگەلێک دەبینی کە لە گۆڤارێکدا بینی بووت، چەند فیلیمێکی گەشتیاری لە تەلەڤزیۆن یا شتێکی وا، بەڵام ناتوانی بەڕاستی دزە بکەیتە ناوی. هەربۆیە ئەو خاڵە هەندەکییانە لە بەرچاو دەگریت و دواتر لەگەڵ ئەزموونی خۆتدا هاوڕێکی دەکەیت و شتێکی تەواو جیاوازی لێ دروست دەکەیت. بەم بەڵگەیەیشە کە درکی کەسێکی ئەمریکایی لە (مێلڤیل) لەگەڵ درکی ژاپۆنییەک زۆر جیاوازە، بەڵام هەردووکیان بەهێندەی یەک دروست و بە نرخن.

***تەواوە. سیانەی نیۆیۆرک و چەند ڕۆمانێکی تری تۆ بۆ من تەواو ڕۆڵێکی دیسان خوڵقێنەرانەیان هەبووە، چونکە مانگی بەرێ بۆ یەکەمین جار هاتم بۆ نیۆیۆرک و ئێستا کە لە شوێنی سەرەکیی ڕوودانی هەندێک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانتم هەستەکەم کاتێک ئەم ڕۆمانانە دەخوێنمەوە ئەوەی کە پێشتر لە نیۆیۆرک بینی بووم لەبری وێنەی فیلمەکان دەیبینم.**

-ڕاستە. بەهۆی فیلم و تەلەڤزیۆن و گۆڤارەکانەوە مێشکمان پڕبووە لە وێنە، بە جۆرێک کە لە نەوەکانی بەر لە ئێمە وانەبووەو دڵنیام ئەم پرسە کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەی ئێمەیش داناوە.

***منیش هەر پێم وایە. بە گومانی من دان دلیلۆیش زۆر لە بارەی ئەم بابەتەوە دەنووسێ. هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی کاری هونەری لە ڕۆمانەکانتاندا، بەتایبەت لە سیانەی نیۆیۆرکدا. وەک بڵێی لە هەموو ڕۆمانەکانتدا خەریکی بە خەڵکی دەڵێی دەبێت خەیاڵیان وەربگرنەوە، کە نابێت وێنەگەلێک کە کەسێکی تر، یا واقعییەتێک کە کەسێکی تر لە ڕۆمانەکەدا بە تابلۆیەک بۆیان دروستکراوە، قبوڵ بکەن. ئەوان دەبێت بە شێوەی تاقانەی خۆیان دنیا جێبهێڵن و لێنەگەڕێن خەڵکانی تر لەمە زیاتر ئەم واقعییەتەیان بۆ دروست بکەن. چونکە بە فیلم و تەلەڤزیۆن و گۆڤار، شتانێکی زۆر دەبینین، کە بەڕاستی ناتوانین بیان بینین. دەتوانین کۆپیی هەر تابلۆیەکی شێوەکاری لە دنیادا ببینین و دەتوانین پێمان وابێت کە درک بەو تابلۆیە دەکەین، بەڵام وانییە، ئەمە هیچ نییە.**

-هیچ نییە، تۆ ڕاستدەکەی. خۆشیشە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر هاوسەرەکەم بۆ یەکەمین جار چوو بۆ ئەمستردام -ئەو باش درک بە تابلۆی شێوەکاری دەکات، یادەوەرییەکی بینینی ڕێک و وردبینی هەیە- توانیی چەند کارێکی ناسراوی ڕامبرانت ببینێ، کە تەنها کۆپییەکانی بینی بوون. کاتێک گەڕایەوە قسەی لەوە کرد، کە بینینی تابلۆی ڕاستەقینە چەند خۆش و جیاوازەو ئەمەی کە هەرگیز هیچ کۆپییەک ناتوانێ دووبارە ئەوە دروست بکاتەوە، ئەمەیش هەمووی ڕاستە.

***نووسین لە پێگەی ڕەخنەگردا لە بارەی تۆوە بەڕاستی سەختە، یەکێک لەو دەلیلانەی کە کارەکانی تۆم زۆر خۆشدەوێ ئەمەیە کە وەک بڵێی لەو قوتابخانە ڕەخنەییانە هەڵدێت، کە خەڵک پۆلێنبەندی و دەستەبەندی دەکەن و لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەیت ئەم دۆزە ناشایەنە بۆ قسەوباس بگۆڕیت بۆ بابەتێکی بێ کەموکوڕی. ڕستەی کتێبەکەی ویزنبۆرگ، تۆهایۆ چی بوو؟ (هەر کە کەسێک ڕایگەیەنێ حەقیقەتێک هی ئەوە، ئەوە بکاتە حەقیقەتی خۆی و هەوڵ بدات ژیانی لەسەر بنەمای ئەوە بێت، درۆک زیاتر نییە.) وا دێتە بەرچاو کە بەتایبەت لە دنیای مۆدێرندا، تەنها دەتوانین بە چەند دانەیی حەقیقەتەوە بژین، تەنانەت گەر جارجارێک یەکتریش بەتاڵ بکەنەوە.**

بەهۆی فیلم و تەلەڤزیۆن و گۆڤارەکانەوە مێشکمان پڕبووە لە وێنە، بە جۆرێک کە لە نەوەکانی بەر لە ئێمە وانەبووەو دڵنیام ئەم پرسە کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەی ئێمەیش داناوە

# گفتوگۆ

**دەبێت بەرامبەر چەند دانەیی لێکدانەوەیش بە ئاگا بین و لە شوێنێک بژین کە کورت چۆنە گات لە (ئاژێرەکانی تایتان)دا ناوی نا (پێکەوە گونجانی بێ کۆتایی). بەم شێوەیە نووسینی وتار لە بارەی کاری تۆوە بۆ من سەختە، چونکە دەمەوێ دواجار بگەمە ئەم ئەنجامە، کە دواتر دەتوانم بۆچوونم بۆ هەموو ئەوانە بگۆڕم، لەبەر ئەوەی شێوازی جۆراوجۆری زۆر هەیە بۆ پشکنینیان.**

-خۆ ئەمە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی نییە. مرۆڤ ئومێدەوارە بۆچوونی نەگۆڕێت و لە بارەیەوە بیردەکەیتەوەو پەرچەکرداری خۆت هەڵدەسەنگێنی و دەگەیتە نموونەو بابەتی تر.

***لە لێڤیاتاندا وتووتە ئەم ڕۆمانە تەنیا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکت دەکاتەوە، پرسیاری ناودژ کە ساڵانێک لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە.**

-باشە، شتێکی وەک ئەمەی کە (تەنها ڕۆمانەکانم گرنگن کە درکیان پێ ناکرێت. بێگومان واژەکان بە توانا نین و ئەگەری هەیە ئەوەی دەبێت بیڵێن، بیشارنەوە) ئەمە فۆرمۆلەیەکی ناودژە، بەڵام ڕاستیشە. ڕۆمانەکە دزە دەکاتە ناخی مرۆڤەوە، ئەمەی کە بێمەودا ناتوانی درکی بکەیت، کە لە زەینتدا دەمێنێتەوەو دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەو بیرکردنەوەو شڵەژان و بینین لە بارەی جیهانەوە. شتێک کە هەرگیز ناتوانی تەواو تێیبگەی.

***ڕەنگە پاش دواناوەندی دە، پازدە جار سیانەی نیۆیۆرکم خوێندبێتەوە و جارجارێ بە خۆم دەڵێم: (ئەمە گرنگترین بەشی کتێبەکەیە.) گەورەیی ئالێرەدایە کە چەند جار کتێبێک لە مەتنی کورتدا بۆ من جیاواز دێتە بەرچاو. هەڵبەتە ئەمەیش پیشاندەری ڕۆڵی سەرەکیی خوێنەرە لە لێکدانەوەی چیرۆک و ڕۆماندا.**

-ڕاستە. (بێدەنگی) ناتوانم بڵێم قسەکردن لەگەڵ تۆدا چەندە بۆم سەیرە. تەنها لێرە دانیشتووم و دەنووسم و نازانم کەسێک هەیە پازدە جار ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە. بەڵام دەزانی زۆر باش و بەسوودە. ئەگەر منیش نەبم، کەسێکی تر هەیە. ئەمە شێوازی پرسیار و گفتوگۆیە کە جیهان لەسەر مەداری خۆی دەسووڕێنێ، بەجدی گرتنی و نەک سەرپێیی خوێندنەوەی و فڕێدانی بۆ قوژبنێک.

***ئەمە تایبەتمەندیی ڕۆمانەکانتە، کە پەسەندی دەکەم، ئەم بابەتەی کە بەردەوام پرسەکان دەخەیتە ژێر پرسیارەوەو دواتر لە بارەی پرسیارەکانیش پرسیار دەکەیت. ڕۆمانەکانت ئاماژە بۆ بەرسڤ یا ڕێگەچارەیەک ناکەن، بە بۆچوونی من لەبەرئەمەیش سوود لە ژانری ڕۆمانی پۆلیسی وەردەگریت، چونکە ئەم جۆرە ڕۆمانانە فۆڕمێکی ناسراوی زۆر تایبەتیان هەیە، کە بە دوای ڕێگەچارەوەن. لە زۆربەی ڕۆمانەکانتدا ڕێگەچارەیەک بوونی نییە، لە کۆتاییدا، تەنها وردەوردە تێدەگەیت پرسیارەکەی چییە.**

-بەڵێ. دەمەوێ شتێکتان پیشان بدەم. دوای نووسینی لێڤیاتان، کاری پێکەنیناویم کرد. فلیمنامەیەکم نووسی و هەروا دەفتەرچەی سووریش کە قەرارە لە گرانتا چاپ بێت و هەموو چیرۆکەکانی ڕاستەقینەن، تەواو ڕاستەقینە.

**سەرچاوە:**

دفترچەی سرخ، لا٨٤-٩٨
ترجمه شهرزاد لولاچی
نشر افق، تهران، چاپ، اول، ١٣٨٧